# دەنگوباسی کوردستان

بەشی راگەیاندن لە مەکتەبی سیاسی ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا

ژمارە ١٣ ناوەراستی نیسان ١٩٧٣

لەم ژمارەیە دا :

* وتەی ژمارە .
* دەمە تەقی لەگەل کاک جەمال عەلەمداردا .
* بەشی لە شیناخی کوردستان .
* ئاهەنگی جەژنی نەوروز .
* وردە هەوالی ناوخو .
* کاروباری کومەلایەتی .

******************

هەواڵنامەی کتێب

وتەی ژمارە
::::::::::::::::

ئالەم قوناغە ناسکەدا کە کوردی پیدا تی دەپەری ، میللەتەکمان لە هەمو روژانیکی پیشوی پتر پیویستی بە وریایی وچاوکراوەیی هەیە ، بیگومان ئیمە وەکو گەلیکی ژیردەستی بەشخوراوکە چەندین سالە بوگەیشتن بە ئامانجە دورو نزیکەکانی لە خەبات دایەکەمو کوری مان زورە ، بەلام ئەوەی زیاتر هەستی پی دەکری نا تەواوی دەزگای راگەیاندنمانە ، دەمانەوی راگەیاندنمان بەپی ی توانا دەنگی کورد بگەیینیتە ناوخو ودەرەوە و وەلام دەرەوەییکی راستە قینەش بی بو درو و دەلەسەو چەواشەکاری ی ناحەزان . جا بو دابین کردنی ئەم دو مەبەستە ، بەشی راگەیاندن لە مەکتەبی سیاسی ی پارتی دیموکراتی کوردستان بریاری دا کە ( دەنگوباسی کوردستان ) بە زمانی کوردی و عەرەبی بلاو بکریتەوە و دریژە بی بو ئەو ( دەنگوباسی کوردستا ن ) ەی کە سالانی پیشو دەر دەچــــــــــو .

گەلیک کوسپ هەیە ناهیلی دەنگوباسی راستەقینەی کوردستان بە شیوەییکی ساغی دەسکاری نەکراو بگاتە هەمو قوژبنیکی ولاتەکمان و رولەکانی گەل لی ی ئاگادار بن ، جا بو نەهیشتنی ئەو کوسپانە و بو پتەو ترکردنی پەیوەندی ی خەلکی کوردستان لەگەل سەرکردایەتی یە پیشرەوەکەیاندا ، ئەم بلاوکراوەیە پیشکەش دەکەین و نیازمان وایە هەر دو هەفتە جاریک بیگەیینینە دەستی خوینەران .

سالم

ئەوەی لە دەنگوباسی کوردستاندا دەی خوێننەوە ئەو رووداوە راستەقینانەن کە لە رۆژنامەکاندا نا-
نوسرین و بە رادیو بڵاو ناکرێنەوە ، بڵاوکراوەکەمان هاودەنگێکی خۆماڵی و خۆمانەیە بۆ هەموو رۆڵە
کوردێك کە لە ناوگێژاوی چاو و راوی هەمە رەنگەدا بە شوێن دەنگوباسە رووداوە راستەکاندا دەگەڕێن ،
ئێمەیش چاوەڕوانی پشتگیری و یارمەتی دانی کوردانەی هەموتانین بە هۆی ناردنی دەنگوباس و پێشنیار و
دەربڕینی بیر و راتان لە ئاستی باری رۆژانەی وڵاتەکەمان •

ئیتر دەس لە دەست و پشتگیری لە میللەت و سەرکەوتن بۆ کورد •

- دەنگوباسی کوردستان -

دەمەتەقێ لەگەڵ ئەندازیار جەمال عەلەمداردا

به بۆنەی گەڕانەوەی هەڤاڵی تێکۆشەر کاك جەمال عەلەمدار
لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان نوێنەری بەشی راگەیاندن ئەم
گفتوگۆیەی لەگەڵ کرد •

- کاك جەمال بە ناوی بەشی راگەیاندن لە مەکتەبی سیاسی ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەخێر
هاتنەوەتان دەکەم و ئەم دەرفەتە بە هەل دەزانین کە هەندێ پرسیارتان لێ بکەین تکایە وەڵاممان
بدەنەوە •

× لە پێشەوە بە پێویستی دەزانم کە سوپاستان بکەم و دڵشادی خۆم دەربڕم بە بۆنەی دامەزرانی
ئەم بەشە گرنگەوە کە لە دەمێکەوە چاوەڕوانی بووین ، نەبوونی راگەیاندنێکی رێکوپێك لە رابوردودا
گەلێك زیانی بە کێشەی کورد گەیاندوە و زۆر هەلی لە کیس داوە ، وەکو دەزانین کێشەی کورد کێشەیێکی
رەوایە و لە هەمو سەرێکەوە سەرنج راکێشە ، بەڵام چونکو بە چەشنێکی پێویست لە بەردەمی جیهانی
ئەوروپی دا نەخراوەتە رو ، بایەخی چاوەڕوان کراوی نەدراوەتێ ، جا هیوادارین بەشەکەتان بتوانی ئەم
کەلەبەرە پڕ بکاتەوە ، فەرمون ئامادەم بۆ وەڵامی پرسیارتان •

پ/ ئەوا سێ ساڵ بە سەر پەیمانی ئازاری ١٩٧٠ دا تێپەری و هێشتا گەلێك کۆسپ لە رێی جێ بەجێ
کردنی دا ماوە ، ئایا دەنگدانەوەی ئەم پەیمانە و بیر و رای گشتی لە ئەوروپادا بەرامبەری چۆنە و چۆنی
لێك دەدەنەوە ؟

و/ کێشەی کورد لە ئەوروپادا ناسراوە و پەیمانی یانزەی ئازاریش لەوێ دەنگی داوەتەوە ، بەڵام کۆمەڵ و
رێکخراوەکان بە گومانەوە پێشوازی یان کردوە ، چونکو ئەمە یەکەم پەیمانی ئاشتی نەبوە لە
کوردستاندا دەبەستری و پاشان لێی پاشگەز دەبنەوە ، ئاشتیش تەنیا تەقە وەستان نی یە ،
بەڵکو سەرگرتن و جێ بەجێ کردنی دەوێ ، وا خەریکە خەڵکی ئەوروپا بڕوای بەم پەیمانە نەمێنی •

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیمانە تەکانێکی بەهێز بو کە کێشەی کوردی تۆناخێك بردە پێشەوە و
لە سەقڵی ناوخۆیی هێنایە دەرەوە ، بە شێوەیێکی رەسمی دان بە مافی کوردا نرا و جوڵانەوەی
رزگاریخوازی کوردی بوو بە کێشەیێکی جیهانی و لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا حیسابی
بو دەکری ، جگە لەمەش ئەم پەیمانە ناکۆکی ناوخۆی کوردی نەهێشت و گەلی کوردی یەکگرتو لە پشتی
...ووش و سەرکردایەتی یەکەی وێستا • هەروەها ئەو درۆ و دەلەسانەی لەلاتی شەڕا دژی کورد

هەواڵنامەی کێبر

دەکران بەرەسمی بە دروخرانەوە وجاریکی تر ئەگەر ئەم قسەوانە لی بدریتەوە کەس گوێی لی ناگری .

پ/ باری ئیستای کومەڵەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپــا دا چونە و رادەی چالاکی و هەڵسـورانیــا ن لــە چیــا یــە ؟

و/ هەرچەندە من لە پیشا سکرتیری کومەڵە بوم بەلام ئیستا وەکو ئەندامیك وەلامتان دەدەمەوە :
کومەلەکەمان سالی ١٩٥٦ دامەزرا وتەنیا ١٧ ئەندامی بو ، ئیستا لە هەژدە ولاتی ئەوروپادا لقی هەیە ، وەکو بەریتانیا فەرانسە ، سوید ، سویسرە ، نەمسە ، ئیتالیا ، ئەلمانیای روژاوا ، بەرلینی روژاوا ، ئەلمانیای دیموکرات ، دانیمارك ، چیکوسلوفاکیا ، هەنگاریا ، پولونیا ، رومانیا ، یوگوسلافیا بولگاریا ، یەکیتی سوفیت و ئیسپانیا . ئەم لقانە هەریەکەیان دەسەلاتی تەواویان هەیە لە چوارچیوەی سیاسەتی گشتی ی کومەڵەدا هەڵسورین ، بەیاناتی کومەڵە و باری ناوخوی کوردستان و هەواڵەکانی شورش بو خەڵکی ولات تەرجەمە دەکەن و شیوەی نامروفانەی دوژمنان بو ئەو ولاتانە رون دەکەنەوە .

جگە لەوە ئەم لقانەی کومەل یارمەتی ی توتابیانی تازە هاتو دەدەن بو شارەزا بون وری پیشان دان و پیداویستی یەکانی تریان ، هەروەها زیندوکردنەوە و یاد کردنی ریکەوتە گرنگەکانی گەلی کورد ، وەکو نەوروز و یانزەی ئازار و شانزەی ئاب و یانزەی ئەیلول بە هەوی بەستنی ئاهەنگی زل و بانگ کردنی ناودارانی ولات بو رون کردنەوە ولی دوانی کیشەی کورد .

کومەلەمان ئەندامە لە یەکیتی ی قوتابیانی جیهانی دا و لە لایەن یەکیتی و ریکخراوانی ترەوە یارمەتی دەدری وەکو ریکخراوی فەلەستین و یەکیتی یەکانی قوتابیان . کونگرەی کومەلەمان هەمو جاری دەبیتە ریکەوتیکی باش بو رون کردنەوەی ئامانجەکانی شورش ، زور جار لەم کونگرانەدا تەلەفیزیونی ولاتیش بەشدار دەبی و ژمارەیکی زور روژنامەنوس بوی دین . بە کورتی هەر یەکیك لە خویندکاران کومەلە ئاموژگاری یان دەکا کە ببن بە نوینەریکی دیپلوماسی ی گەلەکەیان لەو ولاتەدا .

پ/ لە ئەوروپا چەند جسورە لیژنەی هاوکاری و دوستایەتی لەگەل گەلی کورد ا هەیە و ئیمانە رادەی — چالاکی یان چی یـــــــە؟

و/ لـە ئەوروپا زور لیژنەی بەکارهەیە کە لە پیناوی کیشەی کورددا تی دەکوشن ، ئەم لیژنانە چونکو — ئەندامەکانیان لە پیاوە ناسراوەکانی ولاتن قسەیان لای رای گشتی جی دەگریت و بروای خەلـــك رادەکیشی ، بونمونە : پاش بلاوکرانەوەی پەیمانی یانزەی ئازار ، وەزیری دەرەوەی سوید (تورشتن نیلسون ) لە تەلەفیزیونی سویدا وتی " ئیمە بەختیارین کە زانیمان ئیستا شەر لە نیوان کورد و حکومەتی عیراقدا دوایی هاتوە ، هەرچەندە ئەمە یەکەم ریك کەوتنی کورد و حکومەتی عیراق نی یە ، بەلام هیوادارین کە دوا ریك کەوتن بی " جگە لەمە وتیشی " ئەگەر بیتو جاریکی تر کوردی ئاشتی خواز هەرەشەی دەست ریژی لی بکری ، گەلی سوید ناتوانی دەسـەوستان بوەستی " ئەمە بەرهەمیکی تەقەلای (لیژنەی سویدی ــ کوردی ) یە ، سەرەرای ئەمە لە کاتی شەرا ئەم لیژنەیە گەلیك یارمەتی پیشکەش بە شورشی کورد کرد .

لە فینلەندە کومیتەی ( فینلەندی ــ کوردی ) هەیە کە زور چالاکە ونزیکەی (٤٤) ئەندامی هەیە ، سەروکەکەی پروفیسور کاستاری یە کە وەزیری عەدلی پیشوە و جیگری سەروکی کریتە ، سەروك وەزیرانی فینلەندە (کالیفی سورسا ) یە ، ئەندامەکانی تر بریتین لە ئەندامانی پارلمان و روژنامەنوس و پیاوە

ناسراوەکان ، تائێستا زۆر پێشانگایان بۆکورد کردوەتەوە و کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی یان بەستوە و چەند جارێك یارمەتی یان پێشکەش کردوە .

لە ئایسلەندە کۆمیتەی ( ئایسلەندی ـ کوردی ) مان هەیە کە سەرنجی گەلی ئایسلەندی بۆ کێشەی کورد ڕاکێشاوە و بوتە هۆی خۆش ویستنی کورد لەم دورگەیەدا .

لە نەرویج کۆمیتەیێکی چالاك دامەزراوە ( ٣٤ ) ئەندامی هەیە و زۆرچالاکە وچەند جارێك ئەندامەکان گەشتیان بەناو ولاتا ڕێك خستوە بۆ ناساندنی کورد بە خەلکی نەرویج و لە چاپەمەنی یەکاندا وتاریان بلاو کردوتەوە .

لە فەرانسەیش کۆمیتەیێك هەیە بە ناوی (لیژنەی هاوکاری لەگەل شۆڕشی کوردستان) دا .

ب/ ئایا گەلانی ئەوروپایی بە چاکی کوردیان ناسیوە و لەکێشەکەی گەیشتون ؟

/ کورد لەناو گەلانی ئەوروپادا ناوبانگێکی بەرزی هەیەو باش ناسراوە وکێشەکەشی کەم و زۆر زانراوە ، بەلام پاش بلاوکرانەوەی پەیمانی ئازار باشتر ڕون بوتەوە و لەوە دەرچوە کە بە چاوی کێشەیێکی ناوخۆیی عیراق تەماشا بکرێ ، ئەوەشمان لەبیر نەچی کە ڕادەی چالاکی ی ڕاگەیاندنمان لە پلەی ناوبانگی گەلەکەمان زۆر نزمترە ، ئەمەش بە هۆی دەسکورتی مانە لە کادری باش و هۆی بلاوکردنەوەو پەیوەندی ی ڕێك و پێك .

ج/ سی سال بە سەر دوا گەڕانەوەی کوردستانتانا تێ دەپەڕێ ، ئایا چ گۆڕان و جیاوازییێك تان دیتە بەرچاو لە هەمو ڕوییکی کۆمەلایەتی و ئابوری یەوە ؟

/ یەکەم شت کە سەرنجی ڕاکێشام پلەی بەرزی وڕەی خەلکی کوردستانە ، هەرکەسێك دەبینم بە شێوەییکی ڕاست لە کێشەی نەتەوەکەی خۆی گەیشتوە وئەوەی بۆ ساخ بوتەوە کە میللەتی کورد بەبێ قەوارەی تایبەتی ی خۆی ناژی و تەنیا لە ژێر سێبەری قەوارەی ئۆتونومی دا دەتوانی بەئامانجە دور و نزیکەکانی خۆی بگات ، هەروەها شێوەی دیسپلین و ڕێکوپێکی تا ڕادەییکی باش جێگیر بوە و بۆ هەمو بەش و دەزگاکانی شۆڕش پرۆگرامی تایبەتی ڕێکخراوە . ئەوەی زیاتر دلی خۆش کردم ئەوەیە کە دەبینم لە هەمو دەزگاکانی شۆڕشدا کادری بە کەلك ولێ هاتو جیا کراوەتەوە لە جاران پتر بایەخیان دراوەتی و هێنراونەتە پێشــــــــــــەوە .

---

## بەشی لەشساغی

---

نەخۆشخانەی ناوەندی لەچومان یەکێکە لە بەشە هەرە گرنگەکانی شۆڕش ، چ لە سەردەمی شەڕدا لە دەورێکی هێجگار پرسودی بوە بۆ خزمەتی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچە ڕزگارکراوەکان و چ ئێستا کە لە جاران ڕێکخراوتر و بەرفراوانترە .

ئەم نەخۆشخانەیە هەرچەندە دوکتورەکانی کەمن ، بەلام ئەرکێکی زۆر قورسیان گرتوتە ئەستوی خۆیان ، ڕۆژانە سەر لە بەیانیان دەست دەکرێ بە بینینی نەخۆشەکان کە بە سەرە وبە پێ ی پسولەی نمرە دار دەچنە ژورەوە و ڕێگای نورە بڕی کردنی تیا نی یە ، نیوەڕویان پاش پشودانێکی کەم دەست پێ دەکرێتەوە و هەتا شەو درێژەی هەیە ، ڕۆژانە زیاتر لە سێ سەد نەخۆش دەبینرێت و دەرمان دەکرێن .

هەواڵنامەی کتێب

بەشی لەشساخی جگە لە بینین و دەرمان کردنی نەخوشە جوربەجورەکان ، بە گژکوسپیکی زلیشدا چوە کە بریتی یە لەبەربەرکانی کردن ولە ناوبردنی نەخوشی ی(سیل) ، ئم نەخوشی یە کەلە هەمو شوینیکا هەیە لم ناوچەی پالەکەدا بە چەشنیکی توتینەربلاوبوتەوە • جا بەشی لەشساخی بو ئم مەبەستە هەولی داوە بە پـی ی توانا ئامرازەکانی بەربەرەکانی پیکەوە بلی ، دەزگای تیشك(اشعە) ودەرمانی پیویستی ریکخستوە، هەروەهـا سەروك بارزانی فەرمانی داوە کە رەنە هەنگاویکی تاقی کردنەوە نەخوشخانەییکی سنگ لە چومان بکریتەوە کە جیگای(٣٤) قەرەویلەیتیدا ببیتەوە وکەرەسەی نوی ی بو ریك بخری •جگەلەمەیش هەول دەدری لە گوندەکانا ئـەو کەسانەبدوزرینەوە کە توشی ئم نەخوشی یە بون ولەناو مندالە ساواکانیان دوربخرینەوە بەلکوبەم شیوەیەبگەینـە بنە برکردنی ئم دەردە گرانە •

یەکیکی ترلە فەرمانە گرنگەکانی ئم بەشەبەربەرەکانی کردنی نەخوشی ی مندالانەکە بە داخەوە تا ئیستازیانیکـی زوری داوەو هەر دریژەی هەیە، لەمانە نەخوشی ی(سوریژە) یەکەبە توندی بەربەرەکانی دەکریت وتەقەلا دەدری بونەهیشتنی •

لەبەرئەوەی لە بەشی لەشساخی ی چومان دلسوزانە خزمەتی نەخوشەکان دەکریت وبینینی نەخوش و وەرگرتنـی دەرمان بی پارەیەجگە لە خەلکی ئم ناوچەیەلە هەندی ناوچەی تریشەوە خەلك بو چارەسەری نەخوشەکانیـان روی تی دەکەن •

-*- جگە لە بینین و تیمارکردنی نەخوشە قاوشی تایبەتی هەیە بو نواندنی ژن وپیاوومندال، ئەوانەی پیویستی یان بە چاودیری هەیـــــــــە •

*- بەپی ی توانین دەرمانی پیویستدەخریتە بەردەستی نەخوشەکان و سوکەعەملیات( Cminor operation ) یش دەکری •

*- تەقەلا دەدری بوبەجی هینانی خزمەتی دانسازی و بو تیمارکردنی ئافرەتان لەلایەن دکتوری ژنەوە •

*- هەندی جار لە کاتی بلاوبونەوەی پەتا دا دەستەی تایبەتی بو تیمار و بەربەرەکانی کردن بو گوندەکانی ئـم ناوچەیەدا دەگەرین ، هیوادارین لە پاشە روژدا بتوانین ئم خزمەتەبەناوچەکانی تری کوردستانیشدا بلاو بکەینەوە •

*- تا ئیستا(٣٦)نەخوشخانەلە گوندەکاندا کراوەتەوە کە هەرسی مانگ جاریك لە ناوبردانەوەدەرمانیان بو دەچیت ئەمە جگەلە ژمارەییکی زور برین پیچ کەلەلایەن ئم بەشەوە نیردراون بو بەشەکانی تری کوردستان •

*- لەبەشی لەشساخی دا بو هەریەك لە نەخوشیەکانی سیل وکەچەلی وسەرەتان وغودەی دەرەقی دەفتەریکـــی تایبەتی کراوەتەوە، بو تومارکردنی چونیتی وچەندیتی ی ئم نەخوشی یانە •

*- ئەزمونگە(مختبر) یك مان هەیە بو دوزینەوە و دەست لەسەر دانانی نەخوشی یەکان، هەول دەدەین بـو فراوانتر کردنی ئم دەزگایـــــــــە •

*- بو دەرمان کردن و چارەسەری نەخوشی ی ئاژەل ومالاتە دکتوریکی بەیتال خەریکی خزمەتە ، ئم لقـــی لەشساخی یە هیشتا ساوایە و هیوادارین بتوانین لە پاشە روژدا کەموکوری یەکانی پربکەینەوە •

* * *

گومانی تیدانی یە کەئم بەشە بەشانازی یەوە توانیویەتی ئەرکی سەرشانی خوی بەجی بینی و هەتا رادەییك لە ئیش و ئازاری دانشتوانی کوردستان کەم بکاتەوە و هەربەردەوامیشە بو پەرەدان بە خزمەت و پرکردنەوەی تـا تەواوی یەکانی لە هەمو روییکەوە •

دوا بە دوای پەیمانی ئازاری ١٩٧٠ بریاردرا بوکە پەنجا هەزار دینارلەلایەن میری یەوە بەخت بکری بـو کردنەوەی مەرکەزیکی لەشساخی لە چومان ، پاشان ئم پارەیە کرا بە سەد هەزار دینار • سەرەرای ئەمەیش پەیوەندیمان بە میری یەوە دریژەی هەیە بو فراوان کردنی خزمەتی لەشساخی لە سەرانسەری کوردستانـدا و بو ئم مەبەستە لە هیچ دەرفەتیك دریغی ناکـــەین •

## ئاهەنگی جەژنی نەوروز لە چومان

دوای ئەوەی یەك هەفتە لە بەر سەرماو بەفر و باران ئەم ئاهەنگە دوا خرا بو ، روژی هەینی ٣٠ /٣ /١٩٧٣ دەستی پی کرا ، هەر لە تاریکو رونی بەیانی یەوە پول پول خەلکی ناوچەو میوانانی دەرەوە ئەوانەی لە هەولیر و شوینەکانی دورترەوە هاتبون بەرەو جیگای دیاری کراوی ئاهەنگ خزان ، لە چەند لاوە دەهول و زورناو شمشال دەی کوتا و خەلك ریزی هەلپەرکی یان گەرم دەکرد ، زوری پی نەچو ئەو دەشتە پان و بەرینە بوشایی تیدا نەمایەوە و بو بە دەریاییکی رەنگاورەنگی شادی کە ژمارەی خەلکەکە لە پەنجا هەزار کەس زیاتر بو ٠

سەعات دوی پاش نیوەرو لی پرسراوانی پارتی و شورش گەیشتنە شوینی ئاهەنگ ، لەپیشەوە هەفالان حەبیب محەمەد کەریم سکرتیری پارتی دیموکراتی کوردستان و دوکتور مەحمود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی وکاك ئیدریس وکاك مسعود بارزانی و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کاك رەشید سندی وکاك شکیب ئاکرەیی بە گەیشتنیان ئاهەنگ دەستی پی کرد ٠

یەکەم بو ماوەی دەقیقەییك بەناوی ریزگرتن لە یادی شەهیدانی ریگای رزگاری کورد وکوردستان خەلك بیدەنگ بە پیوە وەستان و سرودی نەوروز خویندرایەوە ، ئەمجار هیزی پیشمەرگەو پاسەوانی سنور بە بەردەمی کومەلانی خەلکدا ری رونی سوپایی یان دەست پی کرد و بەدەم راکردنەوە وشەی (کوردستان ) و (پارتی ) و (بارزانی ) یان بە جەشنیکی هەست بزوین دوپاتە دەکردەوە ٠

هەفال فرەنسو هەریری بە ناوی لیژنەی ناوچەی بالەکەوە بە خیر هاتنی دانیشتوانی کرد و پیروز بایی نەوروزی لی کردن ، ئەمجا هەفال دکتور مەحمود وتاری مەکتەبی سیاسی ی پیشکەش کرد ، لەم وتارەدا سوپاسی پیکهینەرانی ئاهەنگی کرد و پیروزبایی پارتی بە گەلی کورد راگەیاند ، باری ناوخوی عیراق بە تیکرایی و کوردستانی شی کردەوە و گرنگی پەیمانی ئازاری ١٩٧٠ ی دوپاتە کردەوە و هیواداری دەربری کە تا سالیکی تر لە یادی نەوروز و ئازاردا هەمو بەندەکانی پەیمان جی بەجی کرابیتو گەلی کورد بە مافی ئوتونومی شاد بوبی ٠

نوینەری پارتی کومونیستی عیراقیش وتاری خوی خویندەوە و بانگی دا بە ژیانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەروکی تیکوشەری کاك مستەفا بارزانی ٠ دوای ئەم هەفال سەعید ناکام پارچە شیعریکی پیشکەش کرد بە ناوی " نەوروزی رزگاری "یەوە ٠

ئەمجار نورەی گورانی و چیروکی شانویی کاوە و گەلیك چالاکی هونەری بو کە تیپی هونەری هەولیر لی هاتویی خوی تیا دەرخست ٠ ئاهەنگ هەتا دوای سەعات شەشی ئیوارە دریژەی کیشا و پاشان بە سرودی "ئەی رەقیب " کوتایی هات ٠

جگە لەمە لە سەرانسەری شار و دیهاتەکانی کوردستاندا بەم بونەیەوە ئاهەنگی پر شکو گیراوە و کومەلانی خەلکی کوردستان دلسوزی ی خویان بەرامبەر جولانەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان بە سەروکایەتی تیکوشەر کاك مستەفا بارزانی پیشان داوە ٠

## وردە دەنگوباسی ناوخۆ

لەگەل ئەوەشدا کە گفتوگو دریژەی هەیە لە نیوان پارتیمان و پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستداو ئیمە بەش بە حالی خومان هەمو تواناماں بەخت دەکەین بو نەهیشتنی ئاژاوە و هیمن بونەوەی ناوچەکانی کوردستان، کەچی وەکو دەبینین هەندیك لە دەزگاکانی میری سورن لە سەر ئالوزکردنی باری ناوخو و دروستکردنی کیشەو هەرا ، بو نمونە لە ناوچەی شەنگار ئەمانە روی داوە :

٢٦/ ٢/ ٩٧٣ هیزەکانی میری شاری شەنگاریان ئابلوقە دا وکەوتنە پشکنینی ئەو گەرەکانەی ئەندامانی پارتیمانی تیدایە ، ئەم پشکنینە بە شیوەیێکی توندو نامروڤانە بوە ولیدان و سوکایەتی تیدا بەکار هینراوە وهەندی کەلوپەلی ناوماليشیان بردوە ٠

١٢/ ٣/ ٩٧٣ هیزیکی زل لە جەیش وحاش و پولیس پەلاماری بارەگای لیژنەی ناوچەی پارتیمانیان دا لە چیای شەنگار ، ئەندامانی پارتیمان ناچار بون بەرگری لە خویان بکەن ، خەلکی تریش ناچار بون مالیان بەجی بهیلن و رو بکەنە چیا ٠

٢٥/ ٣/ ٩٧٣ ئەو سەربازانەی بەهوی روداوەکانی شەنگارەوە رایان کردبو و لەسەر بریاری پارتیمان و بەپی ی ریکەوتن لەگەل دەزگاکانی میری دا گەرابونەوە شوینەکانی خویان ، لەم دواییەدا دادگای لیکولینەوەیان بو دانراوە ..

لە بارەی تەقەلاکانی بەعەرەب کردن و بە بەعس کردنی هەندی ناوچەی کوردستانەوە ، سەرەرای داوا کردنی پەیتا پەیتامان لە کاربەدەستانی میری کە ئەم شیوە ناراستە بگورن و بینە سەر ریی برایەتی و یەکیتی نیشتمانی راستەقینە ، تا ئیستا هەوالەکان ئەوەیان دەرخستوە کە ئەو تەقەلایانە دریژەی هەیە و بەرژەوەندی نیشتمانی لەبەر چاو ناگیری ٠ ئەمەیش هەندی نمونەیەتی :

گوندی (زەرە) دی یێکە سەر بە ناحیەی (سلیمان بگ) ە ، دانیشتوەکانی سالی ٩٦٣ لە پاش تالان کران و دەربەدەر کران ، تائیستا چەند جار تەقەلا دراوە بو گەرانەوەیان بەلام میری ریگانادا ، چونکو دەیەوی مالە عەرەب بینی و ئەو گوندە بکا بە عەرەب ! ٠

گوندی (غەرا ) لە بنەرەتا دانیشتوەکانی کوردن و هیچ نەتەوەیێکی تری تیا نەبوە ، دەفتەر نفوسیان لەسەر ئەو دی یە نوسراوە و سالی ١٩٧١ (٤٦) جوتیار زەوی یان لە سەر تومارکراوە ، کەچی لەم روژانەدا تەنیا ناوی (١٦) کەسیان هاتوتەوە کە زەویان بدریتی و ئەو (٣٦) کەسەکەی تر بی بەش کراون ، بەلام لە جیی ئەوان ناوی (١٠) جوتیاری عەرەبیان داناوە و سەنەدی تاپوشیان دراوەتی کە بون بە خاوەن زەوی ، لە کاتیکا دەفتەر نفوسی ئەو عەرەبانە لە سەر گوندی (غەرا ) نی یە ، ئەمەیش ناوی ئەو دە کەسە عەرەبەیە :

١ـ احمد نصیف
٢ـ تیك عبدالله
٣ـ جمعە احمد سلیان
٤ـ جودی حمدوش محمد
٥ـ خلف خضیر حسین
٦ـ سلمان احمد سلمان
٧ـ علی عبدالله جاسم
٨ـ عمر عبدالله جاسم
٩ـ تمر عبدالله جاسم
١٠ـ مصطفی عبدالله جاسم

کاربەدەستانی کەرکوك دانیشتوانی گوندی قازانبلاخ لە ناحیەی قەرەحەسەن یان ئاگادار کردوە کە پیویستە گوندەکەیان چول بکەن ، لەبەر ئەوەی گوایا میری بە تەمایە ئەو شوینە بکات بە ناوچەی قەدەغە کراو ، ئەمە روژی ٧/ ٣/ ١٩٧٣ بوە •

روژی ٢٣/ ٣/ ٩٧٣ ئامیر لیوای ٢٣ بە خوی و زابتەکانی و زابت استخباراتی فیرقەی ٤ و هیزیکی سوپاوە گوندی (شیف شیرین)کە دە کیلومتر لە شیخانەوە دورە و دەستیان بە تیکدانی خانو و باخ و پەرژین کرد و دانیشتوەکانیان پەرەوازە کرد ، وتیان گوایە نیازیان هەیە ئەم شوینە بکەن بە سوپاگا و پیویستە چول بکریت •

شەوی ١٤/١٥/ ٣/ ٩٧٣ تاقمیك جاشی چەکدار بە ئاشکرا و بە بەر چاوی کاربەدەستانی میری — یەوە چونە سەر گوندی (قەلا ) لە ناوچەی داودە ، پاش ئەوەی دەستیان لە دانیشتوانی گوندەکە وەشاند و هەندی کەلوپەلی مالەکانیان تالان کرد ، راست گەرانەوە بو ناو شاری دوز خورماتو ! •

روژی ١٢/ ٣/ ٩٧٣ چواردە ترومبیلی چەکدار و سی ترومبیلی نجدە شالاویان بردوتە سەر گوندی (چەورکە ) لە ناحیەی داقوق و لە هیچو خورایی داویانەتە بەر تەقەو دەسریژ ، ئەنجامی ئەم پەلامارە کوژرانی (خالد نایف) ناو و بریندارکرانی بورهان و عەلی و ئەحمەد نادر و بارام نادر و نەجات ناوان بو کە پاش بریندارکران گرتویانن و بردویانن بو کەرکوك ، هەروەها کەریم سەیاد و نەسرەدین محەمەد ئەمین و شاسەمەند ناوکە ئافرەتیکی ٥٠ سالەیە و میوانی گوندەکە بوە گیراون •

روژی ٢٥/ ٣/ ١٧٣ هیزیکی سوپا بە توپ و زری پوشەوە چونەتە سەر گوندی جنری و داویانە تە بەر توپ ، خەلکەکە لە ترسان مال و حالیان بەجی هیشتوە و رایان کردوە ، هیزی پەلامار دەریش دەستیان کردوە بە شکاندنی دەرگا و پەنجەرە و سندوق و دولابی خەلك و هەچیان بەر دەست کەوتبی تالانیان کردوە لە ئەنجامی تەقەدا (بادر حاجی عەلی ) ناوکە تەمەنی ٧٠ سال بوە کوژراوە •

شەوی نەوروز لە موسل نەقابەی ماموستایانی کوردستان و یەکیتی قوتابیانی کوردستان خەریکی خوریکخستن بون بو ئاهەنگی جەژنی نەتەوایەتی مان ، خایینانی هەرکی و سورچی و تاقمی موشیر روفی بارەگاکانیان دانە بەر تەقەی تفەنگ و ئەم تەقەیە تا ماوەییکی زور دریژەی کیشاوە ، ئەمەش بە بەرچاوی حکومەت و دابو دەزگاکانی یەوە بوە •

روژی ٢٦/ ٣/ ٩٧٣ فەرحان محەمەد ناوکە مندالیکی دوانزە سالەی خەلکی دینارتەی سەر بە ئاکری بو بە سواری ئیستر دەچو بو گوندیکی تر بو لای باوکی ، لە ریگا چوار جوندی لە سەنگەرەکانی پیرسی سوپاگەی دینارتە ریگایان پی گرت و داوایان کرد دەست بو ناموسی بەرن ، بەلام مندالەکە رازی نەبو ، جوندیەکان گرتیان و دوای دەست دریژی کردنە سەر ناموسی قاچیان بەست بە ئیسترەکەوە و بەرەلایان کرد ، ئیستر مندالی بەسەر دار و بەردا راکیشا هەتا خەلك فریا کەوتن و کردیانەوە ، بەلام ئەو مندالە هەمو گیانی تیك شکابو ، گەیاندیانە نە خوشخانەی موسل ، بەلام چاری نەکرا و گیانی دەرچو •

ئەم کردەوە گلاوە تورەیی و نارەزایی کومەلانی خەلکی بزواندوە و هەمو لاییك ئەوپەری بیزاری خویان بەرامبەر بەم کردەوە ناپیاوانەیە دەردەبرن •

بەپێی بلاوکراوەی مەکتەبی سیاسی ی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە / ٩٧٨ روژی ٧/ ١١/ ١٩٧٢ بەشی کاروباری کومەلایەتی و ئابوری دامەزرا لە نو ئەندام پاشان لیژنەیێکی سی کەسی هەلبژیرا بو سەرپەرشتی کردنی هەلبژاردنی ئەنجومەنەکانی گوند ، لیژنەی سی قولی چواردە لیژنەی خوارتری دانا بو سەرپەرشتی کردنی هەلبژاردن کە هەر لیژنەیە بریتی بون لە (٥) کەس، ئەمجا سنوری ناوچەی کرد بە دوکەرت و هەرکەرتە بەچواردە گروپ و هەرگروپە لیژنەییك سەرپەرشتی بکا ٠

روژی ١٢/ ١/ ١٩٧٣ هەلبژاردن لە هەمو گوندەکانی گروپی یەکەم دادەستی پی‌کرد و هەرلەو روژەدا کوتایی پی هات ، ئەم هەلبژاردنانە باشترین نمونەی هەلبژاردنی دیموکراتی بو (کە) تا ئیستا لەم ناوچەیەدا بەکارهاتوە بە دەنگدانی نهینی و بی ئەوەی هیچ جورە هەراو ئاژاوەو، دەست تیوەردان و شەرودبەرەکی تیا روبدا ، لە کەرتی دوەمیش روژی ٢٥/ ٢/ ١٩٧٣ بە هەمان شیوەی هیمنانە هەلبژاردن دەستی پی کراو کوتایی هات ٠

بە تیکرایی لە سەد و پینج گوندا هەلبژاردن کراو (٢٤٢) کەس بون بە نوینەری (٦٣) ئەنجومەن ، لە مانە ٢٦ ئەنجومەنیان پینج کەسین و ٣٧ ئەنجومەن سی‌کەسین ٠ ژمارەی دەنگدەرانی هەلبژاردن بو ئەنجومەنەکان نزیکەی دە هەزارکەس بون ٠

بو ئاگاداری زیاتری خوینەران ئەوا لە خوارەوە بەشیك لە (یاسای کاروباری بەشی کومەلایەتی وئابوری) بلاودەکەینەوە کە روژی ٧/ ١١/ ٩٧٢ لە لایەن مەکتەبی سیاسی یەوە بلاوکراوەتەوە :

أ) ماوەی ئەندامەتی لە ئەنجومەنی گوندا تەنها سالیکە و دەشی تازە بکریتەوە ٠

ب) هەمو سالیك هەلبژاردن لە یەکەم روژی دوای جەژنی نەوروز دەست پی دەکات ٠
بەپی ی یاسایەکی تایبەتی کە بلاو ئەکریتەوە ٠

ج) لە لایەن دادگای تەمیزەوە سەرپەرشتی هەلبژاردنەکە وچاودیری پاکی و ریکوپیکی و ئازادی یەکەی دەکریت ٠

د) مەرجی پالیوراوەکان بو ئەندامەتی ئەنجومەنەکە بەم جورەیە :

١ـ لی هاتوبن "کامل الاهلیـه"

٢ـ لەوکەسانە بن کە تاوانی رەوشت نزمی یان نەکردبی ٠

٣ـ بروایان بە شورشی گەلەکەیان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەبی بە سەروکایەتی بارزانی ٠

٤ـ پیویستە ئەنجومەنی گوندەکان ئەو بریارانە جی بەجی بکەن کە لە ئەنجومەنی گشتی یەوە دەردەچیت و هەستی نیشتمان پەروەری و دلسوزی بەرامبەر بە گەلی کورد و سەرکردەکەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بلاو بکەنەوە لەگەل چارەسەری گیر و گرفتی گوندەکە وە هەرچی پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی رادەی ژیانی کومەلایەتی و ئابوری دانیشتوانی گوندەکەوە هەبیت ، هەروەها بوی هەیە پیشنیارەکانی دانیشتوان بگەیینیت بە ئەنجومەنی گشتی تا ئەوەی لە توانا دا بی حی بەجی بکریت ٠